بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە (٢٣٥) لە ٢٠٢٣/١٢/١٣

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٢) لە ٢٠٢٣/١٢/١٣، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی بەڕێز وەزیری ناوخۆ بۆ پەلەکردن لە بەئەنجام گەیاندنی کارەکانی لێژنەی لێکۆڵینەوەی پێکهێنراو بۆ کارەساتی دڵتەزێنی ئاگرکەوتنەوە لە باڵەخانەیەکی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران لە ٢٠٢٣/١٢/٨ و خستنەڕووی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە و وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی پێویست لە بەرامبەر سەرپێچیکاران.

٢. ڕاسپاردنی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتەکانی (شارەوانی و گەشتوگوزار، پلاندانان، ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، دارایی و ئابووری، بازرگانی و پیشەسازی) و دەستەی وەبەرهێنان کە بەپێی تایبەتمەندێتی، بەردەوام بن لە ئەنجامدانی ئەرکی خۆیان بۆ بەدواداچوونی بەردەوام بۆ دڵنیابوونەوە لە هەبوونی مەرج و پێداویستییەکانی سەلامەتی لە سەرجەم تەلار و باڵەخانە و شوێنە گشتی و تایبەتییەکان لە سەرجەم پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆ و قەزا و ناحیەکان ئەوانەیان کە تەواو بوون یان لە قۆناغی دروستکردنن و بۆ داهاتووش و دابینکردنی پێداویستییەکانی فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییە تایبەتمەندەکانیان.

٣. ڕاسپاردنی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە.

٤. وەزارەت و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران